# ریکلام

**ریکلام :- بریتییە لە فۆرمێکی کۆمونیکەشن** ( communication ) **بەکاردێت بۆ رازیکردنی وەرگر (بینەر، بیستەر، خوێنەر) بە بەرهەمەکان، بە بیرو بۆچوونەکان، بە خزمەتگوزارییەکان.**

**بەگشتی، ریکلام بەمەبەستی قازانج و بازرگانی، ئارەزوو (خواست) و جولەی بەکارهێنەر دروست و زیاد دەکات...لەگەڵ ئەوەشدا ریکلامی سیاسی و ئایدیۆلۆجی باوەو هەمیشە لەئارادایە.**

## بەشێوەیەکی گشتی ریکلامەکان لەلایەن ناوەند و دەزگا بازرگانییەکان، بەدوو رێگای سەرەکی دەردەکەون :-

1-**میدیای ئاسایی (بەپێی نەریت و دەستووری کۆن):- وەکو رۆژنامەکان، گۆڤارەکان، تەلەفیزیۆنی بازرگانی، ریکلامی رادیۆیی، ریکلامەکانی دەرەوەی ماڵ، پۆستی راستەوخۆ (بەرید).**

2-**میدیای نوێ:- وەکو ویب سایتەکان** (Websites)، **تێکستی مۆبایل** ( Text Message).

# شێوازەکانی ( شێوەکانی ) ریکلام

لەراستیدا، ریکلام لە هەموو ناوەندو شوێنێك دەتواندرێت بەکاربهێندرێت، بۆیە ریکلام بەم شێوانە دەردەکەوێ:-

1- ریکلام لە رێگەی بۆیەکردنی دیوار (وێنەکێشان لەسەر دیوارەکان، تابلۆکانی سەر دیوار).












2- ریکلام لە تەختەی ئاگاداری.













3- ریکلامی کەرەستەو شتومەك و کەلوو پەلی ناومالّ لەسەر شۆستەکان.




4- ریکلامکردن لەرێگەی بلاّونامەی چاپکراو.








5- ریکلام لە رێگەی کارتی بەچوارچێوە بۆ شت تیادانان، وەك کارتی لەدایك بوون و سەری سالّ و جەژنانە و کارتی ئاهەنگی دەرچووان و کارتی دیدەنی، ئەو کارتانە دەکرێت ریکلامی بەسەرەوە بێت یان تیایدا دابندرێت یان پێوەی بنووسێندرێت.









6- ریكلام كردن لەسەر شاشەی سینەماكان و شوێنی سینەمان.






7- ریكلامكردن لەرێگەی تەلەفیزیۆن.








8-  ریكلامكردن لەرێگەی رادیۆ.



9- دروشم و سەردێری ئامادەکراو بۆ ریکلام لەنێو ویب سایتەکاندا ( Web Banners).







10- ریکلامکردن لەرێگەی شاشەی مۆبایلەکان.



11- عارەبانەی دەستی شتوومەك كڕین و گواستنەوە.








12- نووسین بەقەد ئاسمانەوە ( بەهۆی هەڵمێکی باش و دیار کەوا لە فرۆکەوە دێتە دەرەوە.







13- ریکلامکردن لەرێگەی شوێنەکانی دانیشتن لەدەرەوەی ماڵ.






14- ریکلامکردن وەك تەختەی ئاگاداری هەڵواسراو بە مرۆڤ.







### 15- ریکلامکردن لەرێگەی گۆڤارەکان.







### 16- ریکلامکردن لەرێگەی رۆژنامەکان.







### 17- ریکلامکردن لەرێگەی جارچی یەکان ( Twon Cries ).





18- ریکلامکردن لەرێگەی لایەکانی پاس (ئەم لاو ئەولاو پێش و دواوەی پاس)




19- ریکلامکردن لەرێگەی لایەکانی فرۆکە (ئەم لاو ئەو لاو و باڵەکانی فرۆکەکان).







20- ریکلامەکانی ناو فرۆکە.










21-  ریكلامكردن بە بەكارهێنانی تەنەكەكانی خۆڵ و خاشاك ( تەنەكەی زبڵ ).







22- ریكلامكردن لەرێگەی سەقف و دەرگاكانی تەكسی یان ئوتوموبێلەكانی كرێ.










23- ریكلام كردن بە پیشاندانی لەسەر شاشەی نەفەرەكان ( passenger screens ).














24- ریکلام کردن لە پلاتفۆرمەکانی ( شۆستەو وێستگە )ی ژێرزەمین و شەمەندەفەرەکان.







25- ریکلامکردن لەگەرماو توالێتە گشتییەکان.





26- ریکلامی نێو سوپەرمارکێتەکان بە بچوکراوەیی کەوا بە خواردنەکان دەڵکێندرێن.







27- ریکلام لەسەر کەڵووپەلەکانی شت تیا هەڵگرتن ( خواردن و خواردنەوە ).







28- لەکاتی کردنەوەی فایل و بابەتەکان لە دەنگ و ڤیدیۆکاندا ، ریکلامەکان ئەنجام دەدرێن. ( وەکو هەواڵە ڤیدیۆییەکان لە سایتی یاهوو ).

29- ریکلام لەرێگەی پۆستەر.











30- ریکلامکردن لەسەر تکیتی پاس و شەمەندەفەرو شانۆو سینەماو یارییە وەرزشیەکان و بۆنەو رووداوەکان....هەروەها لەسەر رەسیدی سوپەرمارکێتەکان.









31- ریکلام لەنێو ستادیۆمەکان....لەسەر کەلووپەلەکان و بابەتە وەرزشییەکان.










32-ریکلامکردن لەشوێنی وەستانی ( پاس )ەکاندا.







ریکلامی بازرگانی، هەمیشە بەشوێن پەیداکردن و زیادبوونی بەکارهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکاندا دەگەڕێت، لە رێگەی نیشانەکردن ( Branding ) بە دووبارەکردنەوەو دوو پاتکردنەوەی وێنە یان ناوی بەرهەمەکە... ریکلامی بازرگانی، لەهەوڵ و کۆششدا دەبێت بۆ

**پێدانی دڵنیایی جۆری (Certain Quality) بە کاڵاکان و کاریگەری دروستکردن بۆ فرۆشتەنی لە بیروهۆشی بەکارهێنەران (بەکاربەران).**

**ریکلامی نا بازرگانی، بۆ بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان، بەدەر لەبەکارهێنەران...کەسانی تر پارە بۆ ریکلامەکان تەرخان دەکەن...لەوانە پارتە سیاسییەکان، گروپە ئارەزوومەندەکان، رێکخراوە ئاینییەکان، ئاژانسەکانی حکومەت.**

## تیۆر یان گریمانەکانی ریکلام

**تیۆرەکانی ریکلام و رێکخستنیان بەپێی پلەو پایە بە شەش هەنگاو وا لە بەکارهێنەران و کڕیارە بازرگانەکان دەکات، لەرێگەی ریکلام بۆ کردن کاڵاکان بکڕن:-**

1- **بەئاگاهێنان (هۆشیارکردنەوە).**

2- **زانین (شارەزایی و تێگەیشتن).**

3- **ویستن (مەیل لێ بوون، بەدڵ بوون، بەلاوە باش بوون).**

4- **زیاتر ویستن (بەلاوە باشتربوون...مافی هەڵبژاردن).**

5- **قایلکردن (دڵنیاکردن بۆ ساغ کردنەوە).**

6- **کڕین.**

**د.سامان جلال**

-10-20

2013